# خامەی خانمانی نەتەوەکەم

## بەشی پێنجەم

حەمەرەشید هەرەس

Hemereshid.heres@yahoo.ca

جەمیل سدقیی زەهاوی نەوەد و سێ ساڵ پێش ئێستا، لەتاو دەردی ژنان لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا هاواری لێ هەستا و وتی:

اسفری فالحجاب یاابنە فهر

هو داء فی الاجتماع وخیم

ماناکەی: عەبا فرێدە ئەی کچی ئازا.........ئەوە دەردێکی کوشندەی کۆمەڵگایە.

دوابەدوای وتنی ئەم هۆنراوەیە کۆنەپەرستەکانی ئەو کاتە، لای نازم پاشای والی عوسمانی شکاتیان لێ کرد و لە کارەکەی دەریان کرد، بەوەشەوە نەوەستان فتوای کوشتنیشیان بۆ دەرکرد و ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە نەهاتە دەرەوە. لەوە زیاتر ناچمە ناو پانتایی بابەتەکەو، هەروەها لەوەش زیاتر هۆنراوەکانی لەسەر ئازادی ژن ناخەمە سەر ئەم لاپەڕەیە، تەنها مەبەستم ئەوەیە، ئەم فەیلەسووفە مەزنە کە چەندەهای وەک تەها حسێن بە گەورەترین بیرمەند ناویان بردووە، کەچی لەسەر ئەوەی بەرگری لە ژنان کردووە، تووشی دەیەها چورتمیان کردووە. خۆ ئەگەر ئەو کاتە خانمێک ئەوەی ئەمی بووتایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە سەریان ئەتاشی و بەردەبارانیان ئەکرد و کەسوکارییشیان بەوەوە تووشی کوێرەوەری ئەکرد.

جا ئەو کاتەی منیش خامەی خانمانی بەشی چوارەمم بڵاوکردەوە، خانمێک نامەیەکی بۆ ئیمێڵەکەم نارد، داوای ئەوەی لێ کردم کە نووسینەکانی ئەویش بە سەر بکەمەوە، لە ڕیزبەندی خامەی خانمانا، خامەکەی ئەویش جێ بکەمەوە، منیش وتم: بەسەر چاو سەیری نووسینەکانت ئەکەم و وەڵامت ئەدەمەوە. کاتێک ویستم سەیری نووسینەکەی بکەم، یەکسەر وێنەکەی سەرنجی ڕاکێشام. وەک مەلۆتکە چۆن قومات ئەکرێت، ئاوا بە لەچک و مانتۆ خۆی پێچابووەوە. ئیتر من نووسینەکەیم نەخوێندەوە و لە وەڵام دا بۆم نووسی: کچی باش بەرێزتان ئازادن لە هەڵبژاردنی پۆشاکا، ئازادیشن ئاوا خۆتان پێچاوەتەوە، بەڵام ئازاد نین بۆ ئازادی بنووسن، کەسێکیش ئازادی بەخۆی ڕەوا نەبینێت، ناتوانێت ئازادانەش بنووسێت، منیش هەر ئەوانە بەسەر ئەکەمەوە ئازادانە ئەنووسن، لەبەر ئەوە داوای لێبووردن ئەکەم. ئینجا خوێنەری خۆشەویست، لەو کاتەوە کە نەنکی دایکی ئەم بەرێزە گەنج بووە، جەمیل سدقی زەهاوی هاوار ئەکات چارشێو فرێدەن پارێزگارێکی درۆزنە، تازە ئەم هێژایە خۆی قومات ئەکات و پەلاماری نووسینیش ئەدات. خۆ کێشەی من لێرەدا هەر ئەو قومات کردنە نیە، یاڵی ئەکرد هەموو شارەکەم، هەموو نەتەوەکەم خۆیان باڵاپۆش ئەکرد، هەر چەندە ئێستا زۆرن ئەوانەو لە هەمووشی کوێرەوەریی تر ئەوەیە مۆدێلی سەیر سەیر لە لەچک کردندا بەکار دێنن، بۆ ئەوەی زیاتر چاولێکەری تەشەنە بکات، جا کە دەڵێم: ئەوە کێشەی من نیە، بەڵام سەرەتای کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، چونکە ئەوە کەڵچەرێکە لق و پۆپی نەگبەتی لێ ئەبێتەوە، ئەوە کەڵچەری کۆیلە کردنی کچانە، لەوەوە خەتەنەکردنیش پەرە ئەسێنێتەوە، ئینجا مارە بە جاش، ژن بە ژن، گەورە بە گچکە، بنپشک، دورخستنەوەی ژن لە هەموو کەسێکی نا مەحرەم دەردی خۆیان ئەڵێن، کەواتە کەلاکردنی ژنان لە کۆمەڵگا، زگورتی کردنی قوتابخانە،

کارگە، دامەزراوە گشتییەکان، بە کوردتی بێتام کردنی ژیان، لەیەک نەگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئیفلیج کردنی فەرهەنگ، کەفتەکار بوونی ئەژنۆی پێشکەوتن، جا شینەکەی منێک بە سەدەیەک دوای شینەکەی جەمیل سدقی زەهاوی لە تاو هەمانەکە نیە، مشتەی ناو هەمانەکەیە جەرگی ژیانی پێ ئەبڕن.

جا ئێستا مایەی ئەوپەڕی خۆشنوودیمە کە شانبەشانی سەدەهای وەک من و زەهاوی، خانمان خۆیان وەک مرواری لەناو دەریای سوێردا سەری بەرزیان دەرهێناوە و، بۆ ژیانی رەنگاورەنگی ئازادی ئەتریقێنەوە و قاقای پڕ ئاوازیان گوێی کۆنەپەرستانی هەراسان و کاس کردووە. ئەمەش چەند ئەستێرەیەکی تر لەو خانمانەی کە وەک ئەستێرەکانی کۆ، بە ئاسمانی رۆشنبیریی نەتەوەکەمانەوە ئەدرەوشێنەوە و، خامەکانیان بۆ رۆشنکردنەوەی بەرپێی کۆمەڵگا داگیرساندووە.

- کەژاڵ ئیبراهیم خدر:

پەیکەر...

پییان وتم

تۆ چۆن ئەوت خۆش ویستووە

کەتۆ پەیکەرت لە بەفر و

چاوەکانی ئەو لە هەتاو

منیش وتم هەر بۆ ئەوەی هەموو ساتێ

لەحزوریا بتوێمەوە و

ببم بەئاو

ئەمە یەکێکە لە هۆنراوەکانی دادە کەژاڵ، لەو ماوەیەدا سەردانی فەیس بوکەکەمم کرد ئەم دیارییە بە نرخەی بۆ داگرتبووم. منیش ئەم کۆمێنتەم بۆ نووسی: ئەم وێنە ناسکە، بە دەگمەن بۆ کامێرای هۆنراوە هەڵئەکەوێت، ئەمەندە رۆمانسییە چێژی تابلۆیەکی سلڤادۆر دالی ئەدات، دادە گیان بەراستی تۆ شتیت. ئەم هۆنراوەیە یەکێکە لەو هۆنراوانە بەرزانەی هەر بە دوو جار خوێندنەوە لەبەرم کرد، ئاخر هی وا هەیە یەک دیوان لە چاپ ئەدات، کەچی هیچ کەسێک دوو دێڕیانی لەبەر نەکردووە، جا ئەوە بۆ چی ئەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەوەی کلۆڵە و سەپانی پووشی کردووە.

باخی هۆنراوەکانی دادە کەژاڵ، ئەوەندە بە پیت و فەڕن، باخەوانێکی کارامەی ئەوێت، چەپک چەپک گوڵەکانی بۆ خوێنەر دەسکەنە بکات، من هەر لەم دیو ئەو باخەوە، ئەو دەرفەتەم بە دەست هێناو، ئەو گوڵەم لێ کردەوە و، کردم بە یەخەی هەستما.

- شەمزین جیهانی: خانمە تێکۆشەرەکەی موکریان، نموونەی خانمە کۆڵنەدەرەکانی مێژووی نەتەوەکەمان، ئەم ئەستێرە گەشە کە هاتۆتە ژیانەوە باوکی لە زیندانی ئاخوندەکانی ئێراندا بووە و، تەمەنی ناگاتە ساڵێک و باوکی لە سێدارە ئەدەن، دوابەدوای ئەوە دایکی دەیان جار زیندان ئەکرێت و دادە شەمزینی کۆرپەش لەتەک دایکیا تا تەمەنی شەش ساڵی ئاشنای زیندانەکانی مەهاباد و ورمێ دەکەن، بۆیە هەر لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە قینی پیرۆزی ئەیخاتە ناو وەردوشۆی رۆژنامەوانییەوە و، لەو کێڵگەیەدا جوانترین بەرهەمی پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە، هەر لەبەر ئەوەش رژێمی خوێنخۆری کورد

لە تەمەنی بیست ساڵیدا دیسانەوە دەرگای زیندانەکانی ئیتیلاعاتی بە روودا دادەخەنەوە، تا لە هەلێکی رەخساودا روو لە ئەورووپا ئەکات و، چەند ساڵێکی بێکەسی ئەباتە سەر، ئێستا ئەم خانمە دیسانەوە لە کوردوستان جیگیر بۆتەوە. شەش کتێبی بە نرخی خۆی لە چاپداوە، جگە نووسینی تریش، سەرڕای هەموو داهێنانێکی لە نووسیندا، چالاکیکی خەمخۆری پرسی مافی ژنە ئەمانە هەر هەمووی با بچنە سەبەتەیەکی پیرۆزەوە. ئینجا نۆبەی بۆچوونی خۆمە دەربارەی دادە شەمزین: هەمووی چەند هەفتەیەکە لە رێی نووسینەکانییەوە، بەم کاراکتەرە باڵابەرزە ئاشنا بووم، ئەو مەلایەی لە دەمامکەکانی بەشی شانزەدا باسم کردووە، لە دەمی ئەم خانمەوە هاتە ناو ئەو نووسینەوە. هەر ئەوەندە یەک دێرم لە نووسینەکانی خوێندەوە، ئیتر شوێن هەموو وشەکانی کەوتم، بۆیەش نموونەی هیچ نووسینێکی دانانێم چونکە هەرچی بنووسێت بەلای منەوە، وەک داڕشتنی یاقووتە لەسەر درەوشاوە ترین تەلا، بەلای منەوە ئەو نامە ئاساییانەش کە بۆ هاوڕێکانی ئەنووسێت، هەر ئەدەبێکی بەرزن و ئەشێن وەک بەرهەمێکی وێژەیی بنرخێندرێن.

- کەژاڵ ئیسماعیل:

قەڵەمەکەم پێم ئەڵێت:

چەند بەختیارم

ژنێک بۆ ئەبەد عاشقم بووە

زۆربەی هۆنراوە ، چیرۆک ، پەخشان، نووسیینەکانی کەژاڵ خانمم خوێندۆتەوە، لە شرۆڤە کردنی بەرهەمە ئەفسوونییەکانی، ئەگەر بمەوێت جوانترین قردێلە بدەم لە سەری بەرزی ، هەر ئەو قەڵەمە بەختیارە هەڵدەبژێرم کە شانازی بە عەشقی ئەم خاتوونەوە ئەکات، خامەکەی تووشی ماخۆلان کردووە، ئەمەندە سرکە بۆم ناگیرێت بزانم سەرەتا و کۆتایی ئەم ئەوینەی بە کوێ ئەگات، وا دێتە هزرمەوە کە خامەکەی وەک شمشاڵی نێوان دوو لێوی هونەرمەندێک، هەر ئاوازەکەت بە گوێ ئاشنا ئەکات، ئیتر بۆ خەم و خولیای هونەرمەندەکە پێویستی بەوەیە ئەو ئاوازەی لە ناخەوە گل بدرێتەوە و، بیکەیتە ئاوێنەی هەستەکانی، هەر هونەرمەندێک تا نەگاتە راستی، پرکێشی ئەوە ناکات بڵێت: ئامێرەکەم، فلچەکەم، شانۆکەم، خامەکەم پێی وتم ئەو هەنەرمەندە ئەویندارمە، ئەمیش لەگەڵ خامەکەیدا لە ئاشنا، ناسیاو، هاورێ، تێپەریوە بۆ ئەوین، چ جۆرە ئەوینێکیش، ئەوینێکی هەمیشەیی. ئاخر خامەیەک لەم هەموو بەرهەمە نازدارانەدا باوەشی پیا بکرێت چۆن وا ناڵێت؟ دادە کەژاڵ لە گۆڤاری شەقام، گۆڤاری سڤیل، گەپ، خود، ئەستێرە، هەر هەموو بوارە رەخساوەکاندا رۆحسووکانە خامەکەی تیا ئەلاوێنێتەوە، ناچارە دان بە راستی دا بنێت.

نووسینە عەرەبییەکانیشی شانازییەکی ترە، کە بۆ بیگانەش ئەیسەلمێنێت، لە کوردوستانیش نازک الملائکە زۆرن، زۆرن نەوال سەعداوی و وەلادەی کچی موستەکفی.

- شلێر باپیری:

***ئازانم بۆ دەبێ لە بنەماڵەکاندا پیاوەکان لە ژوورێکدا کۆڕ بگرن و باسی سیاسی بکەن و مەشروب بخۆنەوە، ژنەکانیش لەولاوە قاپ بشۆن و شتی بێ سوود بچنن، ناویان بنێن " خاتوونی ماڵ و هەر قامکەو هونەرێک"!***

ئەو گفتەی سەرەوە (مشتێکە لە خەروارێ) بۆ بۆچوونە تەلارێژەکانی خامەکەی شلێرخان، دەنگی ئەم خانمە قاسپە قاسپی کەوێکی ئازادە، بۆ کەوە دیلەکانی ناو قەفەسی کۆنەخوازان ئەخوێنێت و تامی ژیانی ئازادییان پێ ئەچێژێت، خامەکەی کردۆتە بارگەیەک لە قینی پیرۆز بەرامبەر شەیتانەکانی ژیان و کڵۆلکردن و کەفتەکار کردنی کۆمەڵگا، لە دوو توێی کۆمەڵە نووسینێکی پڕ

بایەخ دا ملی ناوە بە کێوی نابێوە و سەدەها ڕێگای پیرۆزی ئەبێی نیشان داوە. جگە لە بیروباوەڕە مرۆپەروەرەکەی خۆیشی، رووی کردۆتە وەرگێڕانی بابەتی ئازادیویستانیش. وا بزانم یەکێکیشە لە دەستەخوشکانی خاتوو شەمزین جیهانی و هەموو خانمە ئازادەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان و، چالاکێکی ڕۆحسووکی پرسی خانمانە و بێژەرێکی سەرکەوتووی تەلەفیزیۆنەو ، ڕۆژنامەنووسێکی پسپۆڕپیشە، شلێرخان وەک لە نووسینەکانیا خۆیایە، بۆیە ئەوەندە پەرۆشی کۆمەڵگای دیلە، چونکە پەروەردەی کەشی ئازادیی کێوی قەندیلە.

- خولیا حسێن:

*:" شیعر زمانـی ویژدانـە و هـەست و سۆزی مرۆڤـە ئیـتر بۆیـە زمانـی ویژدانـی من داکۆکـی دەکا لـە مافـەکانـی ژنـان و هـەست و سۆزیشم بـە ئـازارەکانیان دێتـە دوان چونکـە بـە بڕوای من ئـازادی ژنـان واتـە ئـازادبوونـی ژیان . من دەمـەوێ ژنـان لـە جیاتـی ئـەوەی خـەون بـە مـەرگ و خۆکوشتن ببینن خـەون بـە شتـی جوانـەوە ببینن . وەك پـەپوولـە و باڵندەکان ئـازاد بن لـە نێو باخ و گوڵزارەکانـی بـەهار . وە بـەهرەمـەندبن لـە مافـە سروشتیـەکانـی خۆیان .لـە نێو وەرزەکانـی ئـەڤینـی و خۆشـەوستـی دا سـەما بکـەن و دڵفراز بن .*

ئەوەی سەرەوە وەلامێکی خولیاخانە لە یەکێک لە پرسیارەکانی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نووسی. جا هەر ئەم بۆ چوونەی ئەمیش، کرۆکی ئەم پێشەکییەیە کە بۆ ئەم بابەتەم نووسیوە. منیش ئەڵێم بەرێزەکەم بە بڕوای منیش و هەموو ئازادیخوازێکی ئەم جیهانە (ئازادیی ژنان واتە ئازادبوونی ژیان). هۆنراوەکانی ئەم بەرێزە لە شەپۆلی بەر تیشکی گزنگ ئەچن کەنارەکانی ئارام رەنگاوڕەنگ ئەکەن و نەورەسەکان ئەهێننە لەنجە و لە شەققەی باڵ ئەدەن بۆ ئەو دەڤەرەی پڕپڕی ئازادییە. خولیاخان جگە لە خولیای هۆنراوە، پەنا بۆ نووسینی جوان و وەرگێڕانیش ئەبات. شایانی وتنە ئەم خانمە هاوسەری بەرێز ناڵە حەسەنە و ئەمیش هەر هۆزانڤانێکی بە ئاوەزە و بە بۆچوونی خۆم کایگەرییەکی بەر چاویان لەسەر یەکتر هەیە و تەنانەت شێوازی هۆنراوەکانیشیان هەر لە هاوسەر ئەچن.

١١/٥/٢٠